# تیۆری چێوەڕێژەکان لە زمانی کوردیدا


## پ.ی. د. صباح ڕەشید قادر

## زانكۆی ڕا پەڕین
## یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی


### پێشەکی

زاراوەی تاگمیم Tagmeme سەرەتا لای زمانەوانی ئەمریکی لیۆنارد بلۆمفیلد Leonard Bloofield بەکارهێنرا، بەڵام بەو چەمکەی ئێستای نا، بەڵکو وەکو بچوکترین یەکەی ئەرکی لەڕۆنانی ڕێزمانی زماندا پێناسەکرا، بلومفیلد لێرەدا وەکو بچوکترین یەکەی واتاداری فۆڕمی گراماتیکی سەیری تاگمیم دەکات، لە پێوانەکردنی ئەو یەکەیە بە مۆڕفێم، وەکو بچوکترین یەکەی واتادار لە فۆڕمێکی فەرهەنگیدا دواتر بە مۆڕفێم ناسرا (بڕوانە ١٦٦ :١٩٣٣ Bloomfield). ئەم زاراوەیە (واتە تاگمیم) دواتر بەچەمکێکی فراوانترو ناوەڕۆکێکی جیاوازتر لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (Kenneth Pike)[1] و کەسانی تر بەکارهێنرا، کە سەرەتاکانی بۆ سڵی (١٩٥٠) دەگەڕێتەوە، وەکو بنچو بنچینەی تیۆری (چێوە ڕێژکراوەکان) بەکارهات (بڕوانە ٦٧ :١٩٦٥ Rabert) بەپێی بۆچونەکەی بلۆمفیلد "تاگمیم" لە تاکسیمێ، یان زیاتر پێکدێ (تاکسیم- Taxeme)یش، کە زۆرجار وەکو (grammatical featur) واتە سیمای ڕێزمانی ناودەبرێ، بریتییە لە سیمایەکی سەرەکی ڕێزمان، وەکو چۆن فۆنیم- phoneme بریتییە لە سیمایەکی فۆنۆلۆجی سەرەتایی، تاکسیمو فۆنیم هیچییان لەبنچینەدا وەکو یاسا واتایان نییە، بەڵام بەبەستنەوەی تاکسیم بە تاگمیم، و بەستنەوەی فۆنیم بەمۆرفیمەوە واتا بەدەستدێنن (بڕوانە ٧٦ :١٩٦٩ Cook). بۆ نمونە لەڕستەیەکی وەکو:

ئازاد ڕادەکات.

لەو دەربڕینەدا "ئازاد" تاگمیمێکە وەکو "کارکەر" (Actor)ێك دەردەکەوێ کە کارێکی ئەنجامداوە.

ئەوەی ماوە لەو پێشەکییەدا باسی لێوەبکەین ئەوەیە کە، ئێمە بەرامبەر بە "Tagmeme Theory" کە عەرەب وەکو (نظریه القوالب) ناوی دەبەن، ئێمە زاراوەی "تیۆری چێوە داڕێژەکان" بەکاردێنین، کە تاڕادەیەك مەبەستە فەلسەفییەکە تێردەکات. ئەم تۆێژینەوەیە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکەین، لەبەشی یەکەمدا بۆچوونە فەلسەفییەکەی (Pike) لەو ڕووەوە دەخەینەڕوو، لەبەشی دووەمدا باس لە میکانیزمی پەیڕەوکردنی تیۆرەکە لەڕێزماندا دەکەین. لەبەشی سێیەمدا هەوڵمانداوە تیۆرەکە بەرینە ئاستی شیکردنەوەیەکی زمانی شیعری، کە تیایدا دەقێکی شیعریی (د.عابد سیراجەدین) بەپێی مانا گشتیو تایبەتییەکانی تیۆرەکە بخەینەڕوو،

---

[1]- Dr. Kenneth Pike (١٩١٤- ٢٠٠٠)، پلەی زانستی پڕۆفیسۆر بوو، لە زانکۆی (مشێگان)ی ئەمریکی وانەی دەوتەوە، سەرۆکی دەستەی زمانەوانانی کۆمەڵایەتی ئەمریکی بوو، پازدە (١٥) ساڵی بەدوای یەك ناونرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "نۆبڵ" بۆ ئاشتی، لەپاڵئەوەی کە خاوەن تیۆرو بۆچونی زمانەوانی بوو، خاوەنی ژمارەیەك چیرۆکی گاڵتەئامێزو شیعر، و گۆرانی بوو.

خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکانو ڕیزکردنی سەرچاوەکانو پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبیو ئینگلیزی کۆتایی ئەم هەوڵەیە.

## بەشی یەکەم:
## ناوەڕۆکی تیۆریی بۆچونەکە وەکو مەزەندەیەکی زەینی لەزماندا

**١-١: سەرەتا:**

سیمای سەرەکی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی کە لێکۆڵینەوە لەدەق دەکات بەو شێوەیەی لێکۆڵینەوە لەڕستەدا دەکات، هەرچەندە ئەو تیۆرە ناوبانگێکی چاکی لە ڕۆژئاوا، و بەتایبەتی لەئەمریکادا دەرکرد، بەڵام کەم کەس تا ئێستا دەزانێ، کەوا ئەم تیۆرە گرنگی پێدەری چێوەڕێژی دەقەکانە، بنەما سەرەکییەکەی ئەم بۆچوونە لەوەوە دەست پێدەکات، کەوا یەکە چێوەڕێژکراوەکە Tagmeme کە بەچوارچێوەیەکی زەینی مەزەندەکراوە، دەکرێ بەهەندێ توخمی زمانی درکێنراو پڕبکرێنەوە کە بە (پڕکەرەوە- Fillers) ناودەبرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی چێوەڕێژکراوە زمانییەکان کەمن، هەرچەندە لەڕووکەشو دەرکەوتندا زۆربن، بۆیە فێربوونی هەر زمانێك بەشێوەیەکی دروست، پەیوەستو وابەستەی ئەو چێوەداڕێژانەیە ئەمانەش بە بنەمای گشتی ئەم تیۆرە ناودەبرێن (سمير شريف ٢٠٠٨: ١٨٩). ئەم تیۆرە وای کرد هەندێ زمان بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکرابوو، وەکو زمانی هیندییە سورەکان، و زمان ئەفریقاییەکان، لەپاڵ هەندێ زمانی هەمەکی (عامی) ئوستڕالی، کەتیایدا پەیڕەوی ڕێبازی "تاگمیمی" کرا.

**١-٢: هەندێ زاراوەی پێویست بۆ ڕوونکردنەوە:**

بەر لەدەستکردن بەشیکردنەوە، هەندێ زاراوە هەن کە تاکو ڕادەیەك بەکارهێنانیان تازەیە، پێویستیان بەناساندنو دەستنیشانکردنی سیاقی بەکارهێنانیان هەیە:

أ- **تاگمیم Tagmeme**: یەکەیەکی بنجییە لە شیکردنەوەی ڕێزماندا، وەکو هاوپەیوەندییەکی نێوان ئەرکی ڕێزمانیو پۆلی ئایتمێك کە لە ئەرکێکدا دەردەکەون سەیردەکرێ. دەکرێ ئەم یەکەیە لەنێوان "پڕکەرەوە- Filler، و چاڵ - Slot" سەیربکرێ، یان بەراورد بکرێ، ئەو کاتە چاکتر ڕووندەبێتەوە. لەبنەڕەتدا ئەم زاراوەیە واتە "Tagmeme" لە (tagma)ی گریکی وەرگیراوە، و مانای ڕیزکردنەوە (reordering) دەگەیەنێ. (بڕوانە Willian Colin ٢٠١٢: ٢٣٣).

ب- **Tagmas**: لەشیکردنەوەی تاگمیمدا جیاوازییەك لەنێوان یەکە بنجییەکاندا (تاگمیمەکان)، و یەکە نابنجییەکاندا (یەکە بچووکەکان - Etic) دێتەکایە پێی دەڵێن (tagmas)، کە وەکو ئەلۆتاگماس (-allotagmas)ی تاگمیمەکان شیدەکرێنەوە، ئەو پێکهاتەیەکی لەئەنجامی بەستنەوەی زنجیرە بەیەکبەستراوەکانی تاگمیم بەکاردێت پێی دەوترێ (syntagmames). یەکە ڕێزمانییەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکی ڕێکدەخرێنەوە، بەو ئاستانەی خوارەوە: مۆڕفیمەکان، وشەکان، فرەیزەکان، پاڕستەکان، ڕستەکان......تد، لە لاپەڕەکاتی داهاتوودا بەوێنە دەخەینەڕوو.

پ- **Emic**: ئەو یەکە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لە زمانو زمانەوانیدا بەئەرکی جیاواز بەراورد دەکرێن، بەوێنەی (فۆنیمو مۆڕفیم) کە هەریەکەیان بەئاستی جیاوازو بەئەرکی جیاواز لە زمانەوانیدا دەردەکەون.

دەکرێ بوترێ کەوا زاراوەی (emic) چەمکە نابەرجەستەکەی یەکە ئەرکییەکان دەگەیەنێ (بڕوانە Crystal ٤٣٢ :٢٠٠٤).

ت- **Etic**: شێوەیەك یان فۆڕمێکی فیزیکی بە یەکە ئەرکییەکان دەبەخشێ، بەواتای ئەوەی ژینگەیەکی فۆنەتیکی بە (emic)ەکان دەبەخشێ (بڕوانە ١٢٨ :٢٠٠٧ Matthews). بەمەش (emic) یەکەیەکی پایەدارە لەشیکردنەوەی دەنگەکاندا بۆ بونیادنانی فۆنیم، بەپێچەوانەی (etic) کە هیچ پایەیەکی زمانی نابێت، دەکرێ وەکو یەکەیەکی فۆنەتیکی ناوببرێ.

ج- **Syntagmeme**: بەبیرۆکەیەکی سنووردار بەکاردێ، ئاماژە بەیەکەیەك دەدات لە هەڕەمێکی گراماتیکدا لە خانێکی ئاماژەپێکراوی توخمێکی (tagmeme)دا، بۆ نمونە ڕستە دەبێتە (Syntagmeme)ی کلۆزەکان. (بڕوانە ٤٥١ :٢٠٠٤ Crystal). دەکرێ سینتاگماتیك وەکو ئاستی ئاسۆیی لەئامێزگری یەکەکانی خوارخۆی سەیربکرێ. بەگشتی ئەو زاراوانەو زاراوەی تری ناو تیۆرەکە، لەکاتی کارکردنیاندا لە دووتوێی توێژینەوەدا جوانتر ڕوون دەبنەوە.

د- Perl: بنەمای ئەو زاراوەیە بریتییە لە (بەپرۆگرامکردنی زمان بۆ بەکارهێنانەکانی تر). ئەم بەرنامەیە بریتییە لە ئاستێکی بەرز کە ئامانج تیایدا لێکدانەوەی میکانیزمی بەپرۆگرامکردنی زمانە. دەکرێ زاراوەکە وەکو "ئامرازی کێشکردنو گەیاندنی زمان particle extraction and Reporting Language" لێکبدرێتەوە. ئەم بیرۆکەیە لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن (Larry wall)ەوە هاتەکایە، مەبەستو ئامانجی گشتی لەبیرۆکەکە بۆ گەیاندنی زمان بوو بە ڕێگەیەکی ساناتر، لەو ساڵەوە ئەم بەرنامەیە perl چەندین گۆڕانکاری بەسەردا کراوە، و بەناوی پێرل٢ ١٩٨٨، پێرل٣ ١٩٨٩، پێرل٤ ١٩٩١، پێرل٥ ١٩٩٣، پێرل٦ ساڵی ٢٠٠٠، بەڵام دووبارە داڕشتنەوەی ئەو بەرنامانە هەموو دەم گۆڕانی بەخۆنەبینیوە. (بڕوانە ٢٥ :١٩٩٧ Larry, w).

**١-٣: میکانیزمی شیکردنەوەکان:**

مژدەبەرەکان لەبڵاوکردنەوەی پەیامەکەی خۆیاندا پەیڕەوی ڕێزمانی کۆنی گریکیو لاتینییان دەکرد، ئەمەش وای کرد زمانێکی نافەرمیو نەگونجاو دروست بکەنو زمانێکی وا وەکو ڕەگەز بۆ هیچ زمانێك نەگەڕێتەوە، کە لەلایەن خەڵکانێك هاتەکایە پەیوەستدارنەبوون، ئەمەش وای کرد بۆ خۆدەربازکردن لەو زمانە نەگونجاو و نافەرمیانە بەدوای زمانی زیندوو بگەڕێن، بەمەش شیکردنەوەی تاگمیمی هاتەکایە، کە ڕێگەیەکی شیکردنەوەی خستەڕوو، کە لەڕووی زمانەوانییەوە ساکارو دەوڵەمەندبوو، و هەندێ زمانی خستە بەرتیشکی ڕوانین کە پێشتر وردبینی زمانەوانی بۆ نەکرابوو.

بۆئەوەی خوێنەر بەئاسانی لە شیکردنەوەی چێوەڕێژکراوەکان بگات، و بەتەواوی بتوانێ لەبواری لێکۆڵینەوەدا تاوتوێی بکاتو شارەزایی لەبارەیەوە پەیدابکات. دەبێ پێداگری شیکردنەوەکە لەسەر هەرەمی ڕیزکردنی یەکە ڕێزمانییەکان بەسەر چەند پایەیەك لەئاستەکان دابەش بکات، کە بریتین لە: مۆرفێم، وشە، فرەیز، پارستە، پەرەگراف، و گوتن (discourse) لە پرۆسەی شیکردنەوەی ڕێزماندا، تاگمیم هەردەم لە هەڵبژاردنی زنجیرە کەرەستەکاندا گرنگی بەچاکترینیان دەدات، لەو زنجیرەیەدا هەندێ پارچەکردنو بڕین تێدەکەوێ، ئەمەیان جیاوازە لە شیکردنەوەی پێکهێنەرە ڕاستەوخۆکان کە ڕێزمانزانەکان لە بریتی شیکردنەوە ڕێزمانییەکاندا کاریان پێکردووە بەپێچەوانەی شیکردنەوەی ڕۆنانی تاگمیمێك داوای ناسینی ئەرکو

کەتیگۆرییەکە دەکات، دەتوانرێ وەکو ڕێزمانی "چاڵ - slot" و "پڕکەرەوە- filler" ناوبرێ و جێگیربکرێ. چاڵ – slot دەکرێ وەکو "شوێن"یش شیبکرێتەوە، چونکە "چاڵ" خۆی بریتییە لەو شوێنەی کە لە زنجیرە ڕۆنانەکە، کە پۆلی پڕکەرەوە filler وەکو بەشەئاخاوتن لەڕێزمانی دێرین بچوێنرێ. وەکو: ناو، کردار، ئاوەڵکار (ئاوەلگوزارە) دەتوانن چاڵەکە پڕبکەنەوە، بەڵام نە solt، و نە filler خۆیان بۆخۆیان گرنگییان نییە، بەڵکو تاگمیمەکە مەدلولەکە "واتاکە" دەدات. چاڵ (slot) بریتی دەبێ لە ئەرکی یەکە زمانییەکە وەکو: بکەر، گوزارە، بەرکار....تد، کەچی پڕکەرەوە (filler) دەبێتە کەتیگۆرییەکی وەکو (ناو، کار، ئاوڵناو...تد.) بەمەش تاگمیم دەبێتە هاوپەیوەندی (Co-relation) لەنێوان slotو filler، کە چاڵەکە (slot)ەکەی پێ پڕدەکرێتەوە.

بەواتایەکی تر تیۆری (tagmemic) پشت بە چەمکی تاگمیم دەبەستێ کە ئەویش بەشێکە لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی کە چوار یەکەی ناولێنراو لەخۆدەگرێ بریتین لە: slots- چاڵەکان، categories-کەتیگۆرییەکان، roles- ڕۆڵەکان، هەروەها cohesion- دەقبەستی (بڕوانە Soeparno ٢٠١٢: ٧١). (slot) چاڵ یان شوێن یەکێکە لە چوارتوخمەکەی تاگمیم واتە چێوەڕێژکردن. فۆڕمی چاڵ "شوێن" بەقاڵبی ڕێزمانی، واتە بە توخمی تاگمیمێکی ئەرکی پڕبکرێتەوە، لە ڕۆنانی پارستەکاندا (بۆنمونە) توخمە ئەرکییە چێوەڕێژکراوەکان وەکو بکەر، پریدیکات (گوزارە)، بەرکار، سەربارەکان دەردەکەون، لە ئاستی نزمتری چێوەی پێکهاتەی ڕێزمانیدا، هەردەم ئەرکی تاگمیم وەکو کرۆك (nucleus)و پەراوێز (margin) دەردەکەون، بەمەش (چاڵ) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: یەکە زمانییەکان بۆ کوێی شێوە پێکهێنەکان دەچێت؟ (بڕوانە Mcehartoyo ٢٠١٢: ٧٩).

توخمی کەتیگۆری، یان پۆلی کەتیگۆری ئایتمێکە زانیاری بەخشە سەبارەت بە چاڵەکانەوە، کە لەفۆڕمێکی زمانەوانی وەکو: مۆرفیم، وشە، فرەیز، ڕستە، پەڕەگراف، مەنۆلۆج، گفتوگۆ، هەروەها گوتن (discourse) دەردەکەون. فرەێزەکان دەکرێ وەکو فرەیزی ناوی/ فرەیزی کاری دابەش بن، کلۆزەکان دەکرێ وەکو کلۆزی تێپەڕ، و تێنەپەڕ، و کلۆزی یەکسان پۆل بکرێ. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە دەکرێ لەو پرسیارەوە هەڵیهێنجین، ئەو کەتیگۆرییە چ جۆرە یەکەیەکی زمانەوانییە؟

(role) ڕۆڵ یەکێکە لەو چوار سیمایەی تاگمیم کە پەیوەندی ناوەوەی تاگمیم حوکم دەکات.

(cohesion) (دەقبەستی) هەردەم مامەڵە لەگەڵ (لایەنی تێپەڕی کردارەکان، نیشانەکانی دۆخ، بکەرەکان، ڕێکەوتنی کردار) دەکات، هەروەها دەرکەوتنی (بەخورتی- obligation، یان سەرپشکی (optional) دەخاتەڕوو. وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، چۆن ئەو یەکە زمانەوانییە بە یەکەکانی ترەوە گرێدەداتو چۆن بەسیاقی گەورەترەوە دەیانبەستێتەوە (بڕوانە Randal ٢٠٠٢: ١٢) بەرلەوەی بچینە سەر وردەکارییەکانی میکانیزمی کارکردنی تاگمیم دەبێ هەڵوەستەیەك لەسەر دەقبەستی (cohesion)و (context) بکەین.

### ١-٣-١: دەقو دەقبەستی: Text and Cohesion

لێکۆڵینەوە لەدەق بۆتە سیمایەکی ناسراوی لقێکی زمانەوانی وەکو "زمانەوانی دەق- text linguistic" ناودەبرێ، هەروەها دەق لێرەدا پایەیەکی تیۆری ناوەندی دەبێت، کە بەهۆی هەندێ پرەنسیپی وەکو "بەستنەوەی لۆجیکی- Coherence"، دەقبەستی- Cohesion، کە هەندێ پێناسەی شێوازبەندی دروست دەکەن، بۆئەوەی کەرەستەکانی ناو دەقەکە یەکتر پێناسەبکەن (بڕوانە Halliday & etc ١٩٧٦: ٢) کە

لەسەرەتادا ئەوە دەردەخەن ئاخۆ دەستەیەك ڕستە دەتوانن یان ناتوانن دەقێك دروست بکەن، بەپشت بەستن بە پەیوەندی دەقبەستی (Cohesion relation ship) لەنێوان ڕستەکاندا دەقبەستی بەرهەمدێنێ، یان تەونەدەقێك (text grid) بەرهەمدێنێ، هەموو دەقێك تەونەدەق، یان جۆرە هۆنینەوەیەکی هەیە کە بەهۆی بنەماکانی دەقبەستی دێتەکایە، و دەق لە نا-دەق جیادەکاتەوە.

(پەیوەندی دەقبەستی ئەو کاتە دێتەکایە کاتێك کەوا لێکدانەوەی هەندێ کەرەستە لەناو گوتنەکە یان دەقەکە پشت بە هەندێکی تر دەبەستێ، یان یەکیان پێشگریمانەی (presuposition) ئەوی تر دەکات، بەو بیرۆکەیەی کەوا بەبێ پەنابردنەبەر ئەو ناتوانێ کۆدەکان هەڵوەشێنێتەوە، بۆنموونە:

**شەش لەو سێوانە هەڵبژێرە، و بیانــخە ناو سەبەتەکەوە.**

لێرەدا:

(یان) وەکو ئەنافۆرێك بۆ "شەش سێوەکە" دەگەڕێتەوە.

بەڵام گەر ڕستەکە بەم جۆرەبێت:

**شەش لەو سێوانە هەڵبژێرە، و سیانیان بخەرە ناو سەبەتەکە.**

ئەمجارە (یان) تەنیا بۆ (سێ)یان دەگەڕێتەوە. (بڕوانە ١٩١ :١٩٨٩ Brown & etc)

### ١-٣-٢: لەنێوان سیاق و چێوەدا Context and univers

لە زانستی لۆجیکدا جیاوازییەك دەکرێ لەنێوان سیاق و چێوە (المحیط)دا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو جیاکردنەوەیە لە زمانەوانیدا بەدی ناکرێ بەڵکو زۆرجار بەهەڵە لەبری یەکتر بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی کاتێك دەوروبەری ئاخاوتن لەبری (سیاق) بەکاردێنن، کەچی چوارچێوەی ئاخاوتن پڕاوپڕ بەرامبەر (المحیط) واتە چێوەی ئاخاوتن دەوەستێ.

پۆلکردنی سیاقیش بۆ سیاقی زوڵاڵ (سیاق شفاف- Transparent context)و سیاقی نازوڵاڵ (سیاق غیر شفاف non-transparent context) دابەش دەبن، بەڵام ئەو دابەشبوونە پەیوەندی بە "چێوە" (المحیط)ەوە هەیە.

(بەرامبەر وەستانی سیاقی زوڵاڵ بە سیاقی نازوڵاڵ بە پێی چەمکی (المحیط) لێکدەدرێتەوە، هەر سیاقێك بەنازوڵاڵ لەقەڵەم دەدرێ، کاتێ ڕێگەی دەدرێ خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێ، کە بەهای ڕاستییەکان بۆ گەڕاوەیەکی هاوبەشی هەبێت، بۆ نمونە:

أ- ئۆدیب دەیویست جۆکاست مارەبکات.

ب- ئۆدیب دەیویست دایکی خۆی مارەبکات.

(أ)و (ب) لە چێوەی قسەکەردا هەردووکیان ڕاستن (ئەو قسەکەرەی دەزانێ کە "جۆکاست" دایکی ئۆدیبە، بەڵام (ب) نادروستە لە چێوەی ئۆدیب (کە نازانێ جۆکاست دایکیەتی)، بەهۆی ئەوەی کردەی نیازەکە "دەیویست" بگوازێتەوە چێوەی ئۆدیب، بۆیە ناکرێ (ب) لەشوێنی (أ)دا بوترێ. (بڕوانە روبرمارتان ٢٠٠٦: ٣٨٤) بەمەش ئەگەر ڕاستییەکە لەنێوان قسەکەر و گوێگر قەتیس بمێنێ ئێمە لەناو سیاقێکی نا-زوڵاڵ دەبین، بەڵام، ئەگەر قسەکەر ئەوەی دەیدرکێنێ هەمان ڕاستی لای کەسی سێیەم (گوێهەڵخەر)ی پێدەڵێن هەبوو، ئەوا سیاقەکە زوڵاڵ دەبێ و ڕاستیەکە لەسیاق دەترازێ و دەپەڕێتەوە دەوروبەری ئاخاوتنەکە.

### ٤-١: ئاستە ڕێزمانییەکەی سیستەمی چێوەڕێژکردن Tagmemic systeme

شیککردنەوەکانی چێوەڕێژی مامەڵە لەگەڵ هەموو لیڤڵەکانی هەڕەمی ڕێزمانی دەکات، ئەنجامی شیکردنەوەکانی تاگمیم لەوانەیە لە چێوەڕێژی ئاستی ڕستە، یان پاڕستە، یان فرەیز، یان وشە، یان مۆرفێم ڕەنگبداتەوە، (Cook) ئاستە ڕێزمانییەکانی چێوەڕێژکردن بەو شێوەی خوارەوە چڕدەکاتەوە:

ئاستی ڕستە

بنج + ئاوازە

ئاستی پاڕستە

بکەر+ گوزارە+ بەرکار+ سەربارەکان

ئاستی فرەیز سەرەی ناوەکی

بەستێنەر+ فرەیزی بەند+ دەستەی وشەکان ئیندوسینتریك بن

ئاستی وشە

ئاستی مۆڕفێم

دوا ئاستی شیکردنەوە

(Cook ١٩٦٩)

لە شیکردنەوەی چێوەڕێژیدا، پاڕستەکان بە پێکهێنی سینتاکسی دادەنرێن، کەوا بەهۆی هەندێ (tagma)ەوە بونیاد دەنرێ، (تاگما) وا پێناسە دەکرێ کە بریتییە لە هاوپەیوەندی نێوان فۆڕمو ئەرك، هەروەها پێی دەوترێ tentative tagmeme واتە تاگیمی کاتی وەکو وەستانی کاتی tentative pause بێگومان تاگمان تەنیا وەکو هاوپەیوەندی نێوان فۆڕمو ئەرك سەیرناکرێ، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا وەکو پڕکەرەوەیسیمانتیکی، یان وەکو ڕۆڵو دەقبەستی سەیردەکرێ، لەپاڵ ئەمانەدا (Suprasegment)ەکانو کۆنتۆرەکان واتە سیستەمی فۆنیمە ناکەرتییەکان (وەستانو نێوانو ئاواز...تد) بەشداری تێدادەکەن. ئەو چوار سیمایەی لە شیکردنەوەی چێوەڕێژکراوەکان دەبینرێ وەکو چوار "خانە" سەیردەکرێ، خانەی یەکەم بەئەرك پڕدەکرێتەوە، خانەی دووەم بە ڕۆڵ، و سێیەمیان بە کەتیگۆریو چوارەمیان بە دەقبەستی پڕدەکرێتەوە: لە یەکەم نزیککردنەوەدا شیکارەکانی پاڕستەکاندا بەپێی (class ← slot)واتە (چاڵ- پۆل) کەرت دەکرێن، هەروەها هاوڕۆڵی role correlative یان تاگماکان (tagmas) کەرت دەکەن، و tagma بەیەکەی جیاواز یان گۆڕاو دادەنێن، هەر تاگمایەك وەکو تاگمیم لێکدەدرێتەوە، بەمەش هەر تاگمیمێ تەنیا یەك (allotagma)ی دەبێ، دواتر تاگماکان وەکو یەکەی (etic)ی ڕێزمانی دەستەبەند دەکرێ، دوای لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی، ئەو تاگمایانەی وەکو یەکن دەستەیەك بۆ "ئەلۆتاگما"ی یەك تاگمیم کۆدەکرێنەوە، بەڵام ئەوانەی جیاوازن وەکو "تاگمیم" کۆدەکرێنەوە (بڕوانە ١٤ :١٩٨٠ Horby)

**١-٤-١: ئەو یاسایانەی بڕیار لەسەر ئەلۆتاگماکان دەدەن**

سێ یاسا هەیە کەوا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، ئایا ئەلۆتاگماکان هی یەك تاگمیمن یان نا: (Cook) ساڵی (١٩٦٩) خستیەڕوو:

أ- ئەو تاگمایانەی لە فۆڕمەوە جیاوازن، بەڵام هەمان واتای ئەرکی، یان هەمان ڕۆڵ، و هەمان "شوێن"یان هەیە لە زنجیرەکەدا، واتە لەڕیزبوونەکەدا، ئەوا وەکو (ئەلۆتاگما)ی هەمان تاگمیم پۆلدەکرێن. ئەمانە وەکو "نۆرەکار" alternativeی یان پڕکەرەوەی چاڵەکانی ئەو تاگمیمە سەیردەکرێت.

سەیری ئەو نموونانەی خوارەوە بکە:

a- John writes the letter.
b- He writes the letter.
c- She writes the letter.

لەو نمونەیەی سەرەوەدا (She, He, John) فۆڕمی دەنگی جیاوازییان هەیە، بەڵام هەمان شوێنو ڕۆڵیان هەیە، لەبەرئەوە هەموویان بە (allotagma)ی یەك تاگمیم هەژماردەکرێن، واتە "تاگمیمی بکەری"یە.

ب- ئەو تاگمایانەی کەوا تەنیا لە ڕۆڵ، یان واتادا جیاوازن، بۆ هەمان تاگمیم دەگەڕێنەوە، هەروەها واتای ڕۆنانی stractural meaning تاگمیمەکە بنەمایەکە سیماکە پێناسەدەکات (مەبەست لە سیماکە ڕۆڵو شوێن یان چاڵە) تاوەکو جیاوازی واتایی هاوپەیوەندی بێ لەگەڵ جیاوازی پۆلی پڕکەرەوە، یان شوێن هاوتەریب بێ لە زنجیرەکەدا واتە لەڕستەکەدا یان دەقەکەدا، ئەوا تاگماکان وەکو ئەلۆتاگما بۆ هەمان تاگمیم، دەستەبەند دەکرێن، ئەو نموونانەی خوارەوە جوانتر ڕوونی دەکەنەوە.

a- Andi gives a nice present to Ani.

ئاندی دیارییەکی جوان دەدا بە ئانی.

b- Abas is giving anice present by Ani.

عەباس دیارییەکی جوانی لەلایەن (ئانی)ییەوە پێدرا.

c- Anjani seems tobe happy.

ئەنجانی پێدەچێ دڵخۆش بێ.

(Anjani, Abus, Andi) ڕۆڵەکانیان لەو ڕستانەدا لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەمان پۆل پڕکەرەوەن، بۆیە دەکرێ ئەمانەی بە ئەلۆتاگمای هەمان تاگمیم دابنرێن، کەوا (تاگمیمی بکەر).

پ- ئەو تاگمایانەی لە شوێنەکانیان جیاوازن دەکرێ بۆ هەمان تاگمیم بگەڕێنەوە شوێنیان گۆڕاوە بۆ هەمان یەکە، تاکو گۆڕانی شوێن هاوپەیوەندی بێ لەگەڵ گۆڕانی فۆڕم. تاگماکان وەکو گۆڕاوی یەك تاگمیم سەیردەکرێن بۆنموونە:

a- you will begin to work nexweek.
b- will you begin to work nexweek.

(you) لە پاڕستەی (a)و (b)دا شوێنیان جیاوازە، بەڵام هەمان فۆڕمو هەمان ڕۆڵیان هەیە، بۆیە دەکرێ وەکو ئەلۆتاگمای هەمان تاگمیم سەیربکرێن. (Cook ١٩٦٩: ٢٠)

هاوپەیوەندی نێوان تاگماکانو ئەلۆتاگماکان، و تاگمیمەکان، هاوچوونی ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان مۆرفو ئەلۆمۆرفو مۆرفیمدا هەن، هەروەها وێنەی هەمان پەیوەندی نێوان فۆن، و ئەلۆفۆنو فۆنیمن.

لەڕیزبوونی وشەکاندا، دەتوانرێ ئەوە جێگیر بکرێت کەوا تاگما فۆڕمێکی سەرەتایی (ڕێخۆشکەری) تاگمیمە، کەچی لە ئەلۆتاگمادا ئەندامی هەمان تاگمیمە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە تیۆری چێوەڕێژیدا، تاگمیم بچوکترین یەکەی ڕێزمانییە.

## بەشی دووەم

## تیۆرەکە وەکو بنەماو شیکردنەوە

**٢-١: بنەماکان**

"پایک" بنەمای بۆچونەکەی لەوەوە دەست پێکرد، هەر توخمێکی زمانی، یان دانەیەکی زمانی دەکرێ بەیەکێك لەو سێ ڕێگەی خوارەوە شیبکرێتەوە:

١- **پارتیکل particls**: لە بنچینەدا لە دەرەوەی چێوەڕێژکردن tagmemic وەکو یەکەی گۆڕاو بە ئەرکێکی ڕێزمانییەوە سەیردەکرێ، کە ناچێتە ناو بەشە ئاخاوتنەکانەوە، بۆنمونە: (to) وەکو نیشانەی چاوگ لە زمانی ئینگلیزی سەیردەکرێ، هەرچەندە لەڕووی فۆڕمەوە لە پریپۆزیشن دەچێ، بەڵام ئەرکێکی جیاوازی هەیە، بەڵام لە تیۆری "تاگمیمك"دا ئاماژە بەیەکەیەکی زمانی دەکات کە دەروازەیەکی دابڕاو یان جیاوازی هەبێ، وەکو سیما پێناسەدەکرێ.

٢- **شەپۆل wave**: شیکردنەوەی گۆڕاوێك لە سیاقی جیاواز دەگەیەنێ.

٣- **کێڵگە field**: کاتێك دابەشبوونی یەکە زمانییەکان (گۆڕاوەکان- variable) وەسف دەکرێن (بڕوانە Crystal ٢٠٠٤: ٣٣٨)

بەواتای ئەوەی لە کێڵگەی زمانیدا پەیوەندی نێوان یەکە زمانییەکان چی دەگەیەنێ. ئێمە بەرلە لێکدانەوەی ئەو ڕێگایانەی شیکردنەوە دەبێ لە زاراوەی (perl) بگەین کە (pike) بەکاریدێنێت. (بڕوانە ١-٢. د).

ئەو سێ ڕێگەیەی باسمانکردن بەسەر بەرنامەی (perl)دا جێبەجێکرا.

- هەر دەقێك بۆ خۆی دابڕاو، سەربەخۆیە وەکو پارتیکلێك.
- شەپۆل: کرۆك دەستکراوەیەو جێگیرە، بەڵام بەردەوام لەگەشەکردندایە.
- کێڵگە: دەقەکە بەهۆی ژمارەیەك سیمای ناوخۆیی بەراورد دەکرێ.

بەپێی ئەو تێبینیانەی سەرەوە دەکرێ بوترێ:

أ- تاگمیم یەکەیەکە لە سیاقێکدا.

ب- تاگمیم وەکو کەرتی ژمارەیی (fractal) سەیردەکرێت.

پ- تاگمیم چوار بەشی هەیە کە بریتین لە (چاڵ/ شوێن، ڕۆڵ، پۆل، و دەقبەستی).

لە وردەکارییەکاندا هیچ بەستنەوەیەك دووبارە نابێتەوە، "پایك" ئەو چوار بەشە، یان سیما زمانییە بەم شێوەیە دابەش دەکات.

| | |
|---|---|
| Class<br>پۆل | Slot<br>شوێن/چاڵ |
| Cohesion<br>دەقبەستی | Role<br>ڕۆڵ |

ئەم هێڵکارییە بۆ زمانی کوردی شوێنی سیماکان پێچەوانە دەکاتەوە:

| | |
|---|---|
| شوێن | پۆل |
| ڕۆڵ | دەقبەستی |

ئەوەی تێبینی دەکرێ بەپێی ئەو هێڵکارییەی، کە لە ڕواڵەتدا شێوەی "نیشانەی کۆ +"ی وەرگرتووە بەدابەشبوونەکەی لە کەرتی ئاسایی دەچێت، کە بەسەر چوارخانەدا دابەشبووە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد تیۆرەکە لەوە دەست پێدەکات، کەوا هەر یەکەیەکی چێوەڕێژکراو (چێوەبەند)، کە خۆی لەخۆیدا (مەزەندەیەکی زەینی)یە دەکرێ بە پڕکەرەوە- filler- پڕبکرێتەوە چێوەڕێژەکانیش ژمارەیان کەمە، کەواتە فێربوونی هەر زمانێك بەڕاستیو دروستی وابەستەی ئەو چێوەبەندانەیە (قالب- tagmeme). هەر یەکەیەکی زمانی ئەرکێك یان ژمارەیەك ئەرکی هەیە، هەر یەکەیەك بەپێی ئەو ئەرکەی خۆی دەستەڵاتی بەسەر خانەکەی خۆی دەبێ. ئەم ئەرکانە بەو دوو هێڵە (ئاسۆییو ستوونی)یە جیادەکرێنەوە. هێڵە ئاسۆییەکە لەلای ڕاستی هێڵە ستوونییەکە شوێنو ڕۆڵ لێك جیادەکاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| |
|---|
| شوێن<br>Slot |
| ڕۆڵ<br>Role |

ئاسۆیی

ستوونی

کەچی لەلای چەپی هێڵە ستوونییەکە هێڵە ئاسۆییەکە، پۆلو دەقبەستی لێکدادەبڕێ بەو شێوەیەی لای خوارەوە:

| |
|---|
| پۆل |
| دەقبەستی |

هێڵی ستوونیش بەهەمان شێوە ئەرکی جیاکردنەوەیەکی تر دەبینێ، بەو شێوەی لای خوارەوە

| | |
|---|---|
| شوێن | پۆل |

جیاکردنەوەی شوێنو پۆل لەیەکتری لەسەرەوەی هێڵە ئاسۆییەکە، هەروەها جیاکردنەوەی ڕۆڵو دەقبەستی لەخوارەوەی هێڵە ئاسۆییەکە:

| | |
|---|---|
| ڕۆڵ | دەقبەستی |

ئەو چوار یەکە چێوەڕێژکراوانە بەسێ بوارو مەرجی جیاواز دەردەکەون.

أ- بەکرۆك بونی لەپێکهاتەکەدا:

١- بنجییە (ناوکە) nucleus

٢- لاوەکی (پەراوێزی) یان کەناربەندی marginal

سەبارەت بەخاڵی (أ-١) هەموو کردار، و بکەرەکان دەرکەوتنیان بنجییەو ناکرێ لەهیچ دەقێکدا دەست بەرداریان بین، سەبارەت بە بکەر ئەگەر خۆی دەرنەکەوێ نیشانەیەك، یان ئاماژەیەك لەڕووی لۆجیکەوە جێدەهێڵێ.

سەبارەت بە (أ-٢) سەربارەکان بەشێکن لەو سیمایانە.

ب- تاکو چەند دەرکەوتنی یەکە زمانییەکە پێویستو بەخورتییە یان نا:

١- بەخورتییە Obligatory

٢- سەرپشکییە Optional

لەنێوان خاڵی (أ-١)و (ب-١) تێکچڕژانێك دێتەکایە، لەوەی هەندێ جار یەکە زمانییەکە بنجییە، بەڵام بەخورتیە وەکو دەرکەوتنی کردار لەدەقەکەدا، یان بنجییە، بەڵام سەرپشکییە وەکو لادانی یان خستنی بکەر، کە وەکو جێناوی سەربەخۆ دەردەکەوێ

من هاتم

× هاتم

هات Ø

پ- بەپێی جێگیریو توانای گواستنەوە:

١- شوێنی لەدەقو ڕستەدا جێگیرە، هیچ جۆرە گواستنەوەیەك وەرناگرێ.

٢- توانای گواستنەوەی هەیە.

سەبارەت بە (پ-١) ئامرازەکانی پرس لەزمانی کوردیدا

ئایا تۆ دێیت؟

⋆ تۆ دێیت ئایا؟

سەبارەت بە خاڵی (پ-٢) دەکرێ گواستنەوەی بەرکارەکان لە هەندێ باردا وەکو نموونە وەربگرین لەپاڵ جێگۆڕکێی سەربارەکان:

ئەوان برنجەکەیان خوارد.

برنجەکە ئەوان خواردییان.

ئەمڕۆ بەتەمای سەفەرم.

بەتەمام ئەمڕۆ سەفەربکەم.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی خاڵەکان سەیری ئەو لێکدانەوەیەی لای خوارەوە بکە:

ئایا تۆ ئەمڕۆ سەفەردەکەی؟

| + - دانەی پەراوێزی | سەرپشکی |
| --- | --- |
| ج. پرس | جێگیر |

| + - بکەری پەراوێزی | فرەیزی ناوی |
| --- | --- |
| کارکەر | — |

| + گوزارە | فرەیزی کاری (ناوك) |
| --- | --- |
| تێنەپەڕ | ڕێکەوتنی لەگەڵ بکەردا |

لەمیکانیزمی چێوەبەندی یان چێوەڕێژکردندا، گشت ئەرك‌و جێبەجێکردنی ئەرکی دانە زمانییەکان دەکرێ لەژێر سایەی پرسیاری ناوخانەکان بەڕێوەبچێ.

| "شوێن"<br>یەکە زمانیەکە لە کوێ دەبێ | "پۆل"<br>یەکە زمانییەکە چ جۆرێکە |
| --- | --- |
| ئەو یەکەیە بۆچی لێرەیە؟<br>ئەرکەکەی چییە | ئەو یەکە زمانییە چۆن بەیەکە زمانییەکانی ترەوە دەبەسترێتەوە، و چۆن بەسیاقێکی فراوانتر دەبەسترێتەوە؟ |

(بڕوانە ٢٢ :١٩٨١ .Pike. L)

**٢-٢ شیکردنەوەکان:**

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بنەکانی چێوەڕێژی، هەوڵدەدەین نموونەکان بە هێڵکارییەوە ڕوونبکەینەوە.

| "شوێن"<br>بکەری پەراوێزی | "پۆل"<br>فرەیزی ناوی |
| --- | --- |
| ڕۆڵ<br>کارەکەر<br>actor | بەخورتی<br>دەبێ بکەر لەڕووی ژمارەوە (دەقبەستی) لەگەڵ کردار ڕێکبکەوێ؟ |

- ئازاد منی بینی

| بکەری پەراوێزی | جێناو |
| --- | --- |
| کارەکەر | بەخورتی<br>ڕێکەوتنی بکەر لەگەڵ کردار<br>لەڕووی ژمارەوە نیشانەی دۆخ.<br>دۆخی agent وەردەگرێ↑. |

- ئەو منی بینی.

| بەرکاری پەراوێزی<br>Margin object | جێناو |
| --- | --- |
| وەرگر<br>undergoer | بەخورتی<br>پابەندبوون بە نیشانەی دۆخ.<br>دۆخی ئەکیوزەتیف↑وەردەگرێ. |

ئازاد منی بینی.

| گوزارەی ناوك<br>(بنجی) | کردار |
| --- | --- |
| دەستەواژە<br>"بارگەیەن" | تێپەڕ<br>کردار لەڕووی ژمارەوە ڕێکدەکەوێ لەگەڵ بکەردا<br>نیشانەی دۆخ |

ئازاد منی بینی

| بەرکاری ناوك<br>(بنجی) | جێناوی ئاماژە<br>+ فرەیزی ناوی |
| --- | --- |
| کارلێکراو<br>(بابەت) | بەخورتی<br>پابەندبوون بە نیشانەی دۆخ. |

ئەم وێنەیە بکێشە

| گوزارەی ناوك | کردار (ئەرك) |
|---|---|
| فەرماندان | بەخورتی |

ئەم وێنەیە بکێشە

**٢-٣: سەبارەت بەکارکردنی Emicو Etic:**

سەبارەت بەو دوو زاراوەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا Randal ٢٠٠٢ وێنەیەك دەخاتەڕوو، دەکرێت ئێمە لەوردەکاری وێنەکەوە پەی بەچەمكو ناوەڕۆکی ئەو دوو یەکە زمانییە بەرین.



بەوێنەی فۆنیمو فۆن ئێمیكو ئتیك دەکەونە نێوان نابەرجەستەییو بەرجەستەیی لە فۆڕمو واتادا، هەندێ جار بەوێنەی مۆرفیمو مۆرف فۆرم گۆڕین دێتەکایە. شێوە لاکێشەکەی ناو لاکێشە گەورەکە، دەکرێ وەکو فەرهەنگی عەقڵی، یان مێشکی مرۆڤ سەیربکرێن ئەو بازنە بچوکانەی لەناو لاکێشە بچوکەکە دانە (Emic) دەگەیەنن، بازنە بچوکەکانی دەرەوەی لاکێشە بچوکەکەو پانتایی لاکێشە گەورەکە (باری واقیعی) بەکارهێنانی (Emic)ەکان دەگەیەنێو وەکو (Etic)ی دانەی بەرجەستە دەردەکەون:

بازنە سورەکە (emic)ێکی نابەرجەستە دەگەیەنێ لەوانەیە بەتەواویی فۆڕمەکەی بگۆڕێت، بەڵام بەهەمان ئەرك هەڵدەستێ، کاتێك وەکو (etic) کارادەکرێ بازنە بەتاڵەکانو پڕەکان لەناو لاکێشە بچوکەکەدا دانەی نابەرجەستەی زمانینو دەکرێ وەکو تاگمیم سەیربکرێ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەو ئەرکی خۆی مایەوە ئەو کاتە ئەلۆتاگمای نابێ، ئێمە ئەمانەمان لە مەرجەکانی ئەلۆتاگمادا خستەڕوو. ئەو چوارسیمایە: شوێنو پۆلو ڕۆڵو دەقبەستی پێکدێنن، دەقەکان، هەموو جۆرە دەقێکی ئەدەبی، میدیایی، زمانەوانی....تد بەسەر ئەو چوار سیمایەدا دابەش دەبن، پێشنیاری Kenneth. L. Pike سەرەتا بەو چوار خانەیە بووە دواتر لەلایەن زمانەوانی ترەوە شێوازی نواندنەکانیان گۆڕا، دەکرێ ئێمە بەشێك لەو نواندنانە بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو.

Cl-Nuc-Sta

sta-p+ Sc-Ad-+ u-obt A-S

ئێمە ئەوە بەتەنیا دەکەین

**هێماكان بەم شێوەیەن:**

A = Actor کارەکەر

S = Subject بکەر

Ob = Object بەرکار

U = undergoer وەرگر

Sc = Scope بوار

ad= Adjunct سەربار

p= predicate گوزارە

Sta = Statement دەستەواژە

Cl = Clause پاڕستە

Nuc = Nucleuse ناوك

+ = دەرکەوتنی بەخورتییە

+ - = دەرکەوتنی سەرپشکییە

**شیکردنەوەی ئەو پاڕستەیەی پێشو بەپێی چوار خانەکە**

**ئێمە**

| | |
|---|---|
| Pp | S |
| < S | A |

**ئەوە**

| | |
|---|---|
| Pi | Ad(ob) |
| ــــ | U |

**بەتەنیا**

| | |
|---|---|
| Adv | Ad |
| ــــ | Sc |

**دەکەین**

| | |
|---|---|
| Vp | P |
| S> | Sta |

Pp= personal pronaoun جێناوی کەسی

S= Subject بکەر

S >= Subject Governer بکەری حوکمکەر

S>= بکەری حوکمکراوە

ت= ئەو نیشانەیە (<) بۆ زمانی کورد دەبێ پێچەوانە بکرێتەوە بۆیە وامان نووسی.

Adv= Adverb ئاوەڵکار

Ad= Adjuncts سەربارەکان

P= Predicate گوزارە

Pi= impersonal pronoun جێناوی ناکەسی

U= undergoer وەرگر.

**نموونەیەك لەو سەرچاوەیە هەڵدەبژێرین، کە لە یەکێ لە گۆڤارەکان بڵاوکراوەتەوە**

Cl-Nuc-Sta

A-S | U-Ad | sta-p

**بانکەکانی کوردستان | هەزاران ملیار دیناریان | بەدەست گەیشت**

Cl-Mar-Sta

U-Ad | Loc- Ad | Loc- Ad | sta-Ad | Loc-Ad

بۆ پشتیوانی شلگەیی | لە دەستەڵاتی ناوەندی | لەبەڵگەنامە حوکمییەکان | بۆپاراستنی کاروبارەکانیان بەزیندویی | لەڕێگەی وەرگرتنە قەرزەکانەوە

**بانکەکانی کوردستان**

| | |
|---|---|
| S | Np |
| A | < S |

**هەزاران ملیار دیناریان**

| | |
|---|---|
| Ad | Np |
| U | ــــ |

**بەدەست گەیشت**

| | |
|---|---|
| P | vt |
| Sta | <S |

**بۆ پشتگیری شلگەیی**

| | |
|---|---|
| Ad | Pph |
| Sc | ــــ |

**لەدەستەڵاتی ناوەندی**

| | |
|---|---|
| Ad | Pph |
| Loc | ــــ |

لەبەڵگەنامە حکومییەکان

| Pph | Ad |
|---|---|
| __ | Loc |

بۆ پاراستنی کارەکانیان بەزیندویی

| Pph | Ad |
|---|---|
| __ | Modif |

لەرێگەی وەرگرتنی قەرزەکانەوە

| Pph | Ad |
|---|---|
| __ | Act |

Loc= Location شوێن.

Pph= preposition فرەیزی بەند

Modif= Modifier دیارخەر

Act= Action کردە.

## بەشی سێیەم

## چالاککردنی ئەو تیۆرە بەسەر پارچە شیعرێکی کوردیدا

### ٣-١: سێ کلیلەی ناوەکی شیکردنەوە:

لە شیکردنەوەی هەردەقێکی رێزمانی، یان ئەدەبیدا، سێ کلیلە لەرۆنانی هەرەمی دەقدا بەدیدەکرێ، کە ئەویش لایەنی رێزمانی، و لایەنی فۆنۆلۆجیو لایەنی ئاماژەییە. هەرەمی رێزمانی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەی ناوەوەی گفتوگۆکەدا دەکات، لەگەڵ ئەو مۆنۆلۆجانەی بەناو پەرەگرافی دەقەکەدا کەرت دەکرێنو پەرت دەبن، لەگەڵ ئەو رستانەی بۆ رستیلەو پارستەکان تێکدەشکێنرێن، لەو فرەیزانەی بەسەر وشەدا ورد دەکرێن، ئەو زنجیرە مۆرفێمانەی بەسەر تاکە مۆرفیمدا کەرت دەکرێن، زنجیرە ریزبووەکان لەوانەیە وەکو "ریزبوونی گوتنەکان"- Order of Telling لەگێرانەوەدا ناوبرێ (یان خستنەرووی جۆرێکی تر لە گوتار ناوبرێ کە گێرانەوەی تێدا نییە).

رۆنانی فۆنۆلۆجی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەیەکی فیزیکی دەنگەکان دەکات لەنێوان قسەکەرو گوێگردا کە وەڵامدانەوەیەکی دەبێ وەکو شتێکی نابەرجەستە، ئەو ریزبوونە هەرەمییە لەوانەیە رۆنانی فۆنۆلۆجی قەسیدە بگرێتەوە، لەپاڵ کێشو سەروادا دەکرێ ئەو کەرەستانە لە رستەیەك، لەبەشێك لەرستەیەکدا دەربکەون، دەکرێ کۆکردنەوەی ترپەو ئاوازە لەدەوروبەری ئەو برگەیەو برگەکانی دەوروبەریدا دەربکەون، ئەو برگانەی هێزو ئاوازەدارن. دەنگەکان برگەکان بەدەردەخەن. رۆنانی سەرچاوەیی یان ئاماژەیی هەوڵی ریزکردنو رێکخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی یان واقیعی رووداوەکانە، بۆ نمونە لە:

**(ئازاد چوو بۆ ئاهەنگەکە دوای هاتنەوەی بۆماڵو خواردنی نانی شێوان.)**

زنجیرەی ڕووداوەکان ئەوە دەردەخەن، کەوا ئازاد سەرەتا هاتۆتە ماڵەوە، دواتر نانی ئێوارەی خواردووە، دواجار چووە بۆ ئاهەنگەکە. زنجیرەو پێکهاتەی ڕووداوەکان پەیوەندی جوگرافی ئاشکرا ناکات، لەنێوان ماڵو شوێنی ئاهەنگەکە، هەروەها ڕۆنانی ئاماژەکان ڕۆنانی پۆلکردنەکانیش دەخاتەڕوو بۆ نمونە: سیستەمی نزیکی: گریمانەی سێ بەشە – گشتی بەهۆکاری زمانەوانی دەکات، لەسەرچاوەی ئاماژەکە: لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا Tagmemic theory، یان زنجیرەی هەرەمی، بەشێك لەگشت سروشتی مرۆڤ وایە کەوا هەندێ شت لەبارەی شوێن، و پۆل، و ڕۆلو دەقبەستی هەردەم لەبەردەستدایە، ئەگەر بۆ نمونە شتێك لەخانەکان بۆ نمونە لە (slot) جولا بۆ خانەی ڕۆل واتە شوێنەکەی خۆی گۆڕی دەکرێ خانەکانی تریش ئەمانەی بەسەردا بێت، بەپێی ئەزمونەکانی (Pike) پێیوایە کەوا گۆڕانی کەرەستەکانی ناو دەقەکە چۆن کاریگەری بەسەر ڕێزمانیەتی دەقەکەوە دەبێ. بۆ نموونە هەمان قەسیدە، بەڕێگەی جیاواز بوترێتەوە لەوانەیە باری سەرنجەکە لەڕووداوەکانەوە بۆ کاتەکان بگۆڕێ، یان بۆ شوێنەکەی یان مەبەستەکەی، یان بەرەو ڕۆنانێکی بەرزتری بەرێ بەپێی پاشزەمینەی ڕووداوەکەو کەسەکە خۆی وادەکات بیرکردنەوە لە دەقەکە بگۆڕێ (بڕوانە Kenneth. L. Pike ١٩٨٦: ١١)

لە هێڵکارییەکی جیاوازی بونی مرۆڤدا، چوار سیماکەی: شوێن، و پۆل، و ڕۆڵو دەقبەستیدا مرۆڤ دەخاتە ڕۆنانی هێڵکارییەکی ترەوە، ئەو چوار خانەیە مرۆڤ دەخاتە چوار سیاقی جیاوازەوە، لەچوار ڕۆنانی شوێنی جیاوازدا دەردەکەون لە چوار جێگۆڕکێی تایبەتی یەکە زمانییەکان دەردەکەون، لە پەیوەندی بە نیازو مەبەستەوە ڕوودەدەن. لە شوێنی ڕێزمانی یان فۆنۆلۆجی دەرکەوتنەکەو ڕوودانەکە لە ڕێکخستنەوەیەکی ئاسۆیی Syntagmatic، یان دەرکەوتنی زنجیرەیەك لەیەك چرکەدا.

لەپۆلەکەدا یەك توخم هەیە کە بەهۆی توخمی ترەوە لادەبرێو شوێنی دەگیرێتەوە (بەڕێکخستنەوەیەکی ستوونی). سەبارەت بە ڕۆڵەکان: ڕەفتاری مرۆڤ ڕۆڵێکی کارەکی تێدا دەبینێ، پەیوەستە بە پراگماتیکەوە، واتە گونجانێکی پراگماتیکی دێتەکایە. سەبارەت بە دەقبەستی: پەیوەندییەکی سیستەماتیکی هەیە بۆ ڕەهەندی ڕەفتارە مرۆییەکانو لایەنی فیزیکیو کۆمەڵایەتی، هاوکێشی مرۆڤ بەزمانەوە لەبارەی وەسفکردنی ڕووداوەکانو هەڵوێستەکانەوە، سەبارەت بەدەقبەستی ئاسۆیی فراوانو کراوەی هەیە.

| | |
|---|---|
| Where (کوێ)؟ | What (چی)؟ |
| Slot (شوێن) | Class (پۆل) |
| (ڕۆنانی شوێن) | paradigmatic set (دەستەی ستوونی) |
| Why (بۆچی)؟ | How controlled (چۆن کۆنترۆل دەکرێ) |
| Role (ڕۆڵ) | Cohesion (دەقبەستی) |
| Pragmatic intent or cause | Systemic background or frame of refernce or horizon |
| نیازو هۆکاری پراگماتیکی | پاشزەمینەکی ڕێکخراو یان شێوەبەندییەکی ئاماژەیی یان ئاسۆیی |

(بڕوانە Bien ١٩٧٨: ١٢٥)

**٣-٢: شیکردنەوەی تاگمیمی لەپارچە شیعرێکدا**

**سەرەتا ئێمە ئەو پارچە شیعرەی (د.عابد سراج الدین) دەخەینەڕوو دەاتر بەپێی تیۆری چێوەڕێژکراوەکان شیکردنەوەی بۆ دەکەین:**

**"ئاهووی ئێلاخان"**

**کوێستانان ئارام، هەوارگە مـــــــاتەم**
**لانزار بێدەنگ چوون خێڵخانەی خەم**
**هەی یار هەی یار یار شادی گیـــــانم**
**بێرۆ بۆ کوێستان، من چاوەڕوانـــــــم**

| بکەری پەراوێزی | فرەیزی ناوی |
|---|---|
| کارکەر | ڕێکەوتنی بەخورتی نێوان ژمارەو کردار |

**کوێستانان ئارام**

| Modif | Adj P |
|---|---|
| تەواوکاری کار | دۆخی بەخورتی |

**کوێستانان ئارام**

| گوزارەی ناوك | کردار ناتەواو |
|---|---|
| بار | ڕێکەوتن لەگەڵ کرداری (بوون)ی لادراو دەبێ |

**کوێستانان ئارام Ø**

**ئەسڵی دەقەکە: کوێستانان ئارامن.**

**ئەو شیکردنەوەی شوێنو ڕۆڵو دەقبەستی بوو: دەکرێ بەم جۆرەی لای خوارەوە شیبکرێتەوە:**

Cl-Nuc-Sta

A-S+ | Modif- Com+ | sta-p+-

کوێستانان | ئارام | Ø

کوێستانان

| Np | S |
| --- | --- |
| < S | A |

ئارام

| Modif | U |
| --- | --- |
| ـ لادراوە | Com |

| V | P |
| --- | --- |
| Ø | Sta |

| فرەیزی ناوی | بکەری پەراوێزی |
| --- | --- |
| ڕێکەوتنی بەخورتی نێوان ژمارەو کردار | کارکەر (نییە) |

هەوارگە ماتەم

| Adj P | دیارخەر |
| --- | --- |
| دۆخی بەرکار | تەواوکەری کار |

هەوارگە ماتەم

| کردار ناتەواو | گوزارەی ناوك |
| --- | --- |
| ـــــ لادراوە | بار |

هەوارگە ماتەم Ø

ئەسڵی دەقەکە: (هەوارگە ماتەمە).

Cl-Nuc-Sta

sta-p+-     Modif- Com+     A-S+

Ø     ماتەم     هەوارگە

| فرەیزی ناوی | بکەری پەراوێزی |
|---|---|
| ڕێکەوتنی بەخورتی<br>نێوان ژمارەو کردار | کارکەر<br>(نییە) |

لانزار بێدەنگ

| Adj P | دیارخەر |
|---|---|
| دۆخی بەرکاری بەخورتی | تەواوکەری کار |

لانزار بێدەنگ

| کردار ناتەواو | گوزارەی ناوك |
|---|---|
| ـــــ لادراوە | بار |

لانزار بێدەنگ Ø

ئەسڵی دەقەکە: (لانزار بێدەنگە).

Cl-Nuc-Sta

sta-p+- Modif- Com+ A-S+

Ø بێدەنگ لانزار

چون خێڵخانەی خەم

| adv P | Ad |
|---|---|
| S C | Pph |

چون خێڵخانەی خەم

| Adv P | Ad |
|---|---|
| ـــ | Com |

چون خێڵخانەی خەم

| V in | P |
|---|---|
| ـــ | Com |

چون خێڵخانەی خەم Ø




ئەسڵی دەقەکە: (چون خێڵخانەی خەمە).

| NP+Voc | Voc |
|---|---|
| — | S |

هەی یار هەی یار یار شادی گیانم

| NP | S |
|---|---|
| <S | A |

هەی یار هەی یار یار شادی گیانم

| فرەیزی ئاوەڵناوی | دیارخەر |
|---|---|
| — | Sta |

هەی یار هەی یار یار شادی گیانم




**٣-٣: لێکدانەوەیەکی لۆجیکیو ڕۆنانی خانەکان**

شوێنی slot لەدەقەکەدا هێڵێکی ئاسۆیی دەستەبەر دەکات، لەو پارچە شیعرەدا (کوێستانان، هەوارگە، لانزار) چاڵ یان شوێن پڕدەکاتەوە مامەڵەیەکی ئێستایی لەگەڵ دانە فەرهەنگییەکان دەکات، پەیوەندی نێوان (ئەو ناوانەی ناو کەوانەکە، پەیوەندییەکی نۆرەکارییە لەگەڵ یەکتریو لەگەڵ هەموو (NP)ییەك، کە ئەو فۆڕمو ئەرکە وەردەگرێ، پەیوەندییەکی جێگۆڕکێی ستوونییەو واتە ئەگەر slot بە class ببەستینەوە پەیوەندییەکی ئاسۆیی- ستونی دەبێ، بەڵام شوێن لەناو خۆیاندا پەیوەندی ئاسۆیی لەگەڵ کەرەستەکەی دوای خۆی دەبێ، چونکە شوێنێکی ڕۆنانییە، پەیوەندی پۆل لەناو خۆیاندا پەیوەندییەکی (Paradigmatic)ە چونکە سیمای پۆلەکە دەستنیشان دەکاتو ئەو تایبەتییە (مۆدیفایەر) بۆ نموونە (ئارام) (ماتەم)، و (بێدەنگ) فەرهەنگ تایبەتیەکانی دەستنیشان دەکاتو ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسەرە.

Role: پەیوەندییەكی پڕاگماتیكی دوورە دەستی هەیە، دەكەوێتە ئاستی لۆجیكەوەو ڕۆشنبیری كەسەكە (گوێگری دەقەكە) لێكدانەوەی جیاوازی بۆ دەكات.
دەقبەستی (Cohesion) لە ئاستێكی ئاسۆییدا كاردەكات، هەندێ لە كەرەستەكان دەبنە لوتكەو كۆنتڕۆڵی بەشێكی زۆری كەرەستەكانی تری دەقەكە دەكەن.

**٤-٣: لێكدانەوەی چێوەڕێژی دەقەكە (tagmemic)**

فرەیزی ناوی كوێستانان، تاگمیمێكە دەكرێ لە ئاستی سینتاگمادا (هەوارگە)، و (لانزار) دبنە (allotagma) بۆ تاگمیمەكە، بەهەمان شێوە، ئارام، ماتەم، و بێدەنگ دەبنە ئەلۆتاگما. سەبارەت بە لێكدانەوەی جوگرافیو زنجیرەی ڕووداوەكان، "هەوارگە" بەشە گشتیەكەیە، كوێستانانو لانزار بەشێكن لەو هەوارگەیە:

كوێستان ئارام
هەوارگە ماتەم — چون خێڵخانەی خەم
لانزار بێدەنگ

(ئارامی، ماتەمیو بێدەنگی) وەكو مۆدیفایەر هیچ لە پاشوپێشكردنی ڕووداوەكان ناگۆڕێ، چونكە وابەستەی لۆجیكی زنجیرەی شوێن نییە، دواتر شاعیر ئەو سیاقە دەبەزێنێو بانگەوازێك بۆ یارەكەی دەكات، كەوا ئەو ماتەمو ئارامیو بێدەنگییە هۆكارەكەی دووری تۆیە، چونكە ئەو ئارامی كوێستانو ماتەمی هەوارگە بێدەنگی نزار تەنیا لەچوارچێوەی دڵی شاعیردان، دواتر كلیلەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو خانانەی تاگمیمەكە دەدات بەدەستەوە، دەڵێ، ئەو خێڵەش بێتۆ هیچ كۆچێك ناكاتو دەڵێ (بیرۆ بۆ كوێستان من چاوەڕوانم).

## ئەنجامەکان

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:**

**١- ئەم تیۆرە زمان زیاتر بەرەو بەپرۆگرامکردن دەبات، بۆئەمەش کەرەسەی، زۆربەی تیۆرەکانی تری دەستەبەرکردووەوە، و هەوڵی کارەکی کردنی داوە، بەڵام لێکدانەوە سەرەکییەکانی تیۆرەکە زمان دەئاخنێتە بوارێکی واتایی‌و (Thematic Role)ی چۆمسك زیاتر بەهەند هەڵدەگرێ، کە تیایدا ڕۆڵی واتایی‌و بنەما لۆجیکیەکان لەسیاق‌و چێوەی جیاوازدا کۆدەکاتەوە.**

**٢- وەکو بیرۆکەی ڕێزمانی بیری مۆرف‌و مۆرفیم لەدوتوێی تاگماو تاگمیم کۆدەکاتەوە، بەڵام جیاوازییەکی کەم لە لێکدانەوەکاندا بەدی دەکرێ بەواتای ئەوە لێکدانەوەی مۆرف‌و مۆرفیم زیاتر لەبواری ڕێزمانیدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێ، بەڵام تاگمیم‌و تاگما لەبواری دوو ئاستی ئاسۆیی‌و ستوونی واتاو لۆجیکدا لێکدەدرێنەوە.**

**٣- لە شیکردنەوەی دەقەکاندا زنجیرەی ڕووداوەکان‌و بازنەی جوگرافی بەسەر سێ ئاستی جیاوازدا دابەش دەبن، کە ئاستی فۆنۆلۆجی‌و ڕێزمان‌و ئاستی سەرچاوە یان ئاماژەکردن ئەو ئاستانە جارێکی تر چوار خانەکانی slot، class، و role، cohesion دادەڕێژێتەوە لەناو هەر دەقێکی نووسراو و نەنووسراودا.**

## سەرچاوەکان


- Bloomfileld. F (١٩٣٣) The Language, New york. HoH.
- Brown, JS and Duguid. P (١٩٨٩) Modeling Discource Topic, Portismouth.
- Brown, G, and Yule. G. (١٩٨٩) Discource analaysis, Cambridge Texbooks in Linguistics, Cambridge university.
- Cook, W. (١٩٦٩) Introduction to tagmemic analysis. Holt, Reinhart and winston.
- Crystal, D (٢٠٠٣) The dictionary of Phonetic and Linguistics, Black well publishing.
- Crystal, D (٢٠٠٣) A Dictionary of Linguistic and Phonetics. Black well publishing, UK.
- Crystal, D (٢٠٠٤) Enceyclopedia of English Language. Cambridge university press.
- Halliday & (١٩٧٦) Fanctional Grammar, London.
- Hornby, A. S. (١٩٨٠) Guide to Patterns and usagein English UK; Oxford university university press.
- Larry. W. (١٩٩٧) Language and disguistic, Blackwell publish.
- Matthews (٢٠٠٧) Oxford Linguistics. Oxford Press.
- Matthews, P. H (٢٠٠٧) Oxford Concice Distionary of Linguistics. Oxford Press. University Press.
- Pike, L, K (١٩٨١) Tagmemics Discource and Verbal Art, Michigan university.
- Pike, L, K (١٩٨٢) Lingustic Concepts, university Nibraska.
- Pike, L, K (١٩٨٦) Tagmemic Definition and concept. Michigan university.
- Randal, A (٢٠٠٢) An Introduction to Linguistis for Perl.
- Robert, E (١٩٦٣) On Tagmemic Theory Oxford Press. University Press.
- Soeparno (٢٠١٢) The Functional slots of finite verb, html.
- Willian Colin (٢٠١٢) Tagmemic Stand point Cardiff university.

- روبير مارتان (٢٠٠٦) في سبيل منطق المعنى، ترجمه د.الطيف الگوش، و د.صالح الماجرى، المنظمه العربية للترجمة.
- عابد سراج الدين (٢٠٠٤) ئاهوى ئيلاخان، ديوانى عابد سراج الدين نەقشبەندى، ئاراس، هەولێر.

**المستخلص**

هذا البحث المعنون بـ(نظريه القوالب في اللغة الكورديه)، الفكرة الرئيسة للنظرية تبناها العالم اللغوى الامريكى (كينث بايك) من جامعة مشيغان، و مضمون الفكرة تكمن في توزيع النصوص اللغوية على اربع خلايا و هي عباره عن (الموقع، الصنف، إلدور، و التماسك) تظهر هذة الوحدات القالبية على ثلاثه أنحاء ١- باعتبار اساستهاء هامشيتها ٢- باعتبار وجوب ظهورها او عدمه ٣- باعتبار ثبوتها و قابليتها على الحركة والانتقال. يتوزع البحث على ثلاثه محاور: يبحث المحور الاول فى كيفيه ظهور و تراسخ الفكرة في ميدان تحليل النصوص اللغويه، و يدخل هذا الفصل في التفاصيل للنظرية لأصل الفكرة. المحور الثانى: يطبق لأهم الآليات المتبعه في عرض المخطوطات البيانية لشرح مكامين الفكرة. المحور الثالث تبدأ بتفكيك نص أدبى في صنائح جزء من قصيدة كوردية. بعرض اهم النتائج و تصفيف المرجع والخلاصتين يختتم البحث.

**Abstract**

Thise research titled (The theory of tagmeme in Kurdish Language). The main idea of the theory of the world’s Linguistic US (Kenneth L.Pike) from the university of Michigan, and the content of the idea lies in the distribution of Linguistic texts on four cells which is about (slot, class, role, and cohesion) The units distribut on three parts 1- in cousidering of its probative and marginal. 2- in cousidering of its appearance or not. 3- in cousidering of its movement or not. The research distrbuted on three axes looking the first axes, how the emergence of idea and conslidation in the field of linguistic analysis of texts. This chapter enter in detail theory for the origin of the idea. The second axes is about how to apply michauisms used in the graphic display to explain the idea, the third chapter begins to dismantle the text of a poem of Kurdish Language, display the most important results and styling refernces, and the two abstracts the research ended.